# تەواسوڵ

بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی

بڵاوکراوەی ژمارە (٢)



## ناوەڕۆک


نامەیەک لە تیمی بەرنامەکەوە............... ل ٢

پێشنیازی قۆناغی دووەمی بەرنامەکە......... ل ٣

پۆلێنکردنی بەرنامەکە وەکو نمونەیەکی
کاریگەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری...... ل ٤

بنیاتنانی تواناکان......................... ل ٤

چیرۆکەکان لە شوێنی کارەوە.............. ل ٥

هاوبەشی ئەم ژمارەیە: تیمی پزیشکی
نێودەوڵەتی............................ ل ١٠

هەواڵە نوێیەکان.......................... ل ١٢


## بەشداربووان

- بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان
- بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی
- ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی
- ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پڕۆژەکان
- ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و ڕۆشنبیری نەتەوە یەکگرتووەکان
- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی
- سندووقی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان
- تیمی پزیشکی نێودەوڵەتی

پیکەوە

# بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەییەوە

ئەم ژمارەیەی «تەواسوڵ» ئاهەنگگێرانێکە بۆ ژیان و دەستکەوتەکانی هەموو ستافی فریاکەوتنی مرۆیی کە ژیانی خۆیان بەخشی لە کاتی خزمەتکردنیاندا بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی مرۆیی باشتر لەعێراق و ئەو ناوچانەی کە تازە لە کێشەو جەنگەکان هاتونەتە دەر .

## نامەیەک لە تیمی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەییەوە (LADP)

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبونەوەی شەست و دووەمینی خۆیدا لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٨، بڕیاریدا بەناساندنی ڕۆژی ١٩ی ئاب بە ڕۆژی فریاکەوتنی مرۆیی جیهانی.

ئەم ڕۆژە ئامانجی ئەوەیە کە هەوڵ بدات بۆ زیادکردنی وشیاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ چالاکییەکانی فریاکەوتنی مرۆیی لە هەموو جیهاندا. وە هەروەها بە ئامانجی نەمرییکردنی یادی ستافی فریاکەوتنی مرۆیی کە لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا ژیانیان بەخشی و وەهەروەها بۆ یادکردنەوەی ئەوانەی کە بریندار بوون لەو ڕوداوە دڵتەزێنانەدا وەکو ڕوداوی تەقاندنەوەی ئۆفیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەغدا پێش ٦ ساڵ کە بووە هۆی لەدەستدانی ژیانی ٢٢ هاوکار کە لە عێراق کاریان دەکرد.

بەبۆنەی ڕۆژی فریاکەوتنی مرۆیی لەنامەیەکی دا سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بان کی مۆن، تیشک دەخاتە سەر پابەندبوونی نەتەوەیەکگرتووەکان بە خزمەتکردنی خەڵکانی پەراوێزخراو لەهەموو جیهاندا، کە لەنامەکەیدا دەڵێت « پێش هەموو شتێک، ئەمە ڕۆژێکە کە تیایدا پەیمانی خۆمان نوێ دەکەینەوە بۆ یارمەتیدانی خەڵکە لاوازو پەراوێزخراوو بێ دەسەڵاتەکان لەهەر کوێیەک بن. وە ئەمە ئەو کارەیە کە هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پابەند دەبن پێوەی».

وەهەروەها وتی «ڕۆژی جیهانی فریاکەوتنی مرۆیی هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکارییە، بۆ مسۆگەرکردنی گەیاندنی ئەو یارمەتی و هاوکارییانەی کە شایانین تابگاتە دەستیان، با هەوڵەکانمان چڕتر بکەینەوە لە پێناو ئەم ئامانجەدا، با لە ئاست پێویستی کاری مرۆیی دا بین».

لە شەش ساڵی ڕابردوودا، نەتەوە یەکگرتووەکان هاوبەشییەکانی خۆی چڕتر کردەوە بۆ بنیاتنانەوەی عێراق، بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی (LADP) یەکێکە لە نمونە نمونەییەکان کە تواناێ هەماهەنگیکردن پیشان دەدات هاوشان لەگەڵ بەکارهێنانی نمونەیی سەرچاوەکان و کارکردنی دڵسۆزانە لە هێنانەدی کاریگەری پۆزەتیڤی ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی ئەو کۆمەڵگانەی کە لە کێشەو جەنگەکان هاتونەتە دەر.

لەم ژمارەیەی «تەواسوڵ «دا ئەو هەوڵانە دەخەینە ڕوو کە دراوە لە پێناو دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ قۆناغی دووەمی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی، تیمی بەرنامەکە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە نامەی دەستخۆشی و سوپاسکردن و نامەی پشتگیریکردنی قۆناغی دووەمی بەرنامەکەی پێگەیشتووە کە پێشنیاز کراوە لەلایەن دەستە حکومییەکان و ناحکومییەکانەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نیشتمانی. جگە لەمەش تیمێکی سەربەخۆی نێودەوڵەتی هەستا بە هەڵسەنگاندنی قۆناغی یەکەمی بەرنامەکە کە هەلتان بۆ دەڕەخسێت بۆ خوێندنەوەی درێژەی ئەم هەڵسەنگاندنە ناوازە پۆزەتیڤەی کە بەرنامەکە دەستی کەوتووە.

لەماوەی ڕابردوودا، بەرنامەکە هەستا بەدابینکردنی پشتگیری بۆ پرۆسەی دارشتنی پلانەکانی گەشەپێدانی زۆنگاوەکان و کۆکردنەوەیان لە یەک پلاندا. ئەو پلانە یەکگرتووە لە نۆ ناوچەی زۆنگاوەکاندا بەکارهێنرا وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ پلانی پێنج ساڵەی ستراتیجی زۆنگاوەکان. وە پلانەکە بەکارهێنرا بۆ دیاریکردنی کێشەو پێداویستی زۆنگاوەکان و ڕێکخستنی ئەولەوێتەکانی گەشەپێدان کە بگونجێت و هاوشانبێت لەگەڵ قۆناغەکانی پلانی ستراتیجی گەشەپێدانی زۆنگاوەکان. دەتوانن لە لاپەڕەی ٤ دا بروانە درێژەی بابەتی هاوبەشیکردنی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی لە پشتگیریکردنی کاری پلاندانانی زۆنگاوەکاندا.

وەک هەموو ژمارەیەک لەم ژمارەیەی «تەواسوڵ»یشدا، چەند پرۆژەیەکی خێرای ئەولەوێتدارتان دەخەینە پێش چاو کە لەلایەن ڕێکخراوە بەشداربووەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرنامەکەدا جێبەجێ دەکرێت لە عێراق. وەهەروەها کاریگەری ئەم پرۆژانە دەخەینە ڕوو کە هەیانە لەسەر ژێرخانی فیعلی ئابوری و کۆمەڵایەتی ناوچە جیاوازەکانی عێراق.

بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی بەبەرنامەیەکی کارلێککەری پڕ لەهاوبەشی دادەنرێت. لەم ژمارەیەدا تیمی پزیشکی نێودەوڵەتی مان هەڵبژاردووە وەک هاوبەشی ئەم ژمارەیە، کە لە لاپەڕەی ژمارە ١١ دا، بڵاوکردنەوەیەکی تەواوی چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە دەبینن.

وە لەیادتان نەچێت کە بروانە بەشی ئاگادارییەکان کە تیایدا دەتوانن پلانەکانی گەشەپێدانی ناوچەکان بخوێننەوە کە تایبەتن بەناوچەکانی مەیمونە، مەداینە، چبایش، سەیدسادق و شارەزوور وە هەروەها لەم بەشەدا ئەدرەسی وێبسایتی بەرنامەکە ببینن لەگەڵ ئەرشیفی وێنەیی تایبەت بەبەرنامەکە.

> تەواسوڵ تیشک دەخاتە سەر هەوڵە بەردەوامەکان بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکان بەرەو فەیسی دووەمی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی.

بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی خۆشحاڵە بەوەی ڕای بگەیەنێت کەوا پلانی گەشەپێدانی قەزاکان لەم ناوچانەی خوارەوەدا لە تەواوبووندایە: مەیمونە، مەداینە، چبایش، حللە، سەیدسادق و شارەزوور. وە پلانەکانی شەش ناوچەی تری زۆنگاوەکان لە کۆتایی ئەمساڵدا تەواو دەبن.

# پێشنیازی قۆناغی دووەم

## پشتگیری و ڕەزامەندییەکان بۆ بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

قۆناغی دووەمی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی سەرکەوتوو بوو لە هێنانەدی دەستکەوتی گرنگ لەسەر ئەرزی واقیع ئەوەش بەهۆی سێ سیفەتە سەرەکییەکەی: پشتگیریکردنی پرۆسەکانی پلاندانانی گەشەپێدانی ناوچەیی، تەرکیزکردنە سەر چارەسەری ئابوری و بوژاندنەوەی ژێرخانی فیعلی وە دابینکردنی ڕاهێنان بۆ سێکتەرە حکومییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ١١ ناوچەی پێنج پارێزگا لە عێراقدا.

تیمێکی بەرنامەکە هەستا بە ئامادەکردنی پێشنیازێکی قۆناغی دووەمی بەرنامەکە بە پشتبەستن بە باشترین کارکردن و وانە بەسوودەکانی قۆناغی یەکەم. قۆناغی دووەم هەوڵ دەدات بۆ بە دامەزراوەکردنی پرۆسەی پلاندانانی گشتگرو هاوبەشیی، وە هەروەها بۆ فراوانکردنی ناوچەکانی بەرنامەکە بەرەو ناوچەی نوێ. هەنگاوی دووەمی بەرنامەکە بەهەمان شێوازی قۆناغی یەکەمی هاوبەش کە لەلایەن ڕێکخراوی UNDP و UN-HABITAT و ILOوە بەڕێوە دەبرێت و بەبەردەوامبوون لەگەڵ بەشداریکردنی ڕێکخراوەکانی UNOPS و WHO و UNESCO و UNICEF و FAO.

تا ئەمڕۆ، قۆناغی دووەمی بەرنامەکە بەبەردەوامی نامەی پشتگیری پێدەگات لەلایەن لایەنە پەیوەندارەکانەوە، نامەی پشتگیریکردنی لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و هاوکاری نێودەوڵەتی عێراقییەوە بەدەست گەیشتووە کە ئەم وەزارەتە ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی قۆناغی یەکەمی بەرنامەکەدا و بەشداریشی کردووە لە ئامادەکردنی پێشنیازی قۆناغی دووەمدا. وە هەروەها ئەنجومەنە ناوچەییەکانی پێنج پارێزگای عێراق و لیژنەی ئاراستەکاری بەرنامەکە نامەی ڕەسمی پشتگیریکردنیان پێشکەش کردووە بۆ پێشنیازی قۆناغی دووەم. وەهەروەها ڕێکخراوە بەشداربووەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرنامەکە نامەی دەستخۆشییان بەدەست گەیشتووە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وە هەروەها لەلایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی موسەننا و یەکەی پۆلیسی کۆمەڵایەتی.

لەکاتی جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمدا، بەرنامەکە هەڵدەستێت بە بەشداریکردن لە کەمکردنەوەی ڕادەی هەژاری لە ١٠ پارێزگای عێراقدا. وە هەروەها بەرنامەکە پشتگیری دابین دەکات بۆ سێکتەرە حکومییەکان وەک ئۆفیسی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی پارێزگاو ئەنجومەنە ناوخۆییەکان و شارەوانییەکان وە هەروەها بۆ فەرمانگە هونەرییە سەرەکییەکان، بۆ ئەوەی توانایان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی پلاندانانی ناوچەیی بەبێ ئەوەی پێویستی بەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییە هەبێت کە ئێستا هەیە.

وا پلانی بۆ دانراوە کە قۆناغی دووەمی بەرنامەکە لە ماوەی نێوان کانونی دووەمی ٢٠١٠ تاوەکو کانونی یەکەمی ٢٠١٢ جێبەجێ بکرێت بە بودجەیەکی خەمڵێنراوی ٢٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. وا چاوەڕوان دەکرێت کە سندووقی بوژاندنەوەی نێودەوڵەتی بۆ عێراق هەستێت بە دابینکردنی بودجەی قۆناغی دووەمی بەرنامەکە کە ئەمەش بەردەوامیدانێکە بەو پشتگیرییەی کە پێشکەشی کرد بە قۆناغی یەکەم. وە لەسەر ئاستێکی ماوەکورتیش، بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی هەستا بە پێشکەشکردنی داواییەک بۆ دابینکردنی بری ٤ ملیۆن دۆلار لەلایەن سندوقی ناوبراوەوە لە پێناو دابینکردنی پارە بۆ ئالیەتی پێکەوەبەستنەوەی هەردوو قۆناغەکە.

تیمی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی وا دەخوازێت کە سندوقی ناوبراو هەستێت بە کردنەوەی دایەلۆگ لەگەڵ بەخشەرانی تردا بەمەبەستی دابینکردنی بودجەی زیاتر تا بیخاتە سەر ئەو بەخشینەی کە لەلایەن خۆیەوە پێشکەش کراوە.


إلى / منظمة الـ UNDP

م / مشروع التنمية المحلية ـ المرحلة الثانية

السلام عليكم ...

كتابكم المرقم خ ٤٠ /٩ في ٢٧ /٧ /٢٠٠٩

بالنظر إلى النجاح الذي حققه برنامج التنمية المحلية ـ المرحلة الأولى في مناطق الاهوار، يطلع مجلس محافظة ميسان بتطلع قدما إلى تعزيز الشراكة والتعاون مع البرنامج الإنمائي للأمم المتحدة في دعم مشروع التنمية المحلية ـ المرحلة الثانية، وسوف يقوم المجلس بتقديم الدعم الفني والإداري والمساهمة بشكل فاعل في تذليل العقبات وإنجاح هذا المشروع

تمنياتنا لكم الموفقية والنجاح مع التقدير ...

# بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی

## وەک مۆدێلێکی کاریگەر بۆ بەرەنگاربونەوەی هەژاری لەو وڵاتانەی کە کاریگەری شەڕو کێشەکانیان بەسەرەوەیە

LADP لەلایەن کۆمەڵێک هەڵسەنگێنەری بێلایەنی نێودەوڵەتیەوە کە لەلایەن UNDP ییەوەراسپێردرابوون، پۆلێنکراوەوەک مۆدێلێکی کاریگەری بەرنامەلامەرکەزییەکان بۆ کەمکردنەوەی هەژاری لەو وڵاتانەی کە کاریگەری شەڕو پێکدانانەکانیان بەسەرەوەیە.

هەڵسەنگاندنەکە پشتی بەستبوو بە سێ تەوەری سەرەکی کە بریتین لە کاریگەری بەرنامەکە، بەردەوامیبوون، و هەستکردنی لایەنە پەیوەندداره ناوچەییەکان بە خاوەندارێتی بەرنامەکە، کە هەڵسەنگێنەرەکان هەستان بە گەڕان بەدوای وەڵامی گونجاو بۆ چوار پرسیاری تەوەری کە بریتین لە: ئایا ئامانجە ڕاگەیاندراوەکانی بەرنامەکە هێنراونەتەدی؟ چۆن، بۆچی، وە لە چ بارودۆخێکدا ئەم ئامانجانە هاتونەتە دی؟ ڕۆڵی ڕێکخراوی UNDP چییە لە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەدا؟ ئەو سیاسەتی هاوبەشیکردنە چییە کە ڕێکخراوی UNDP بەکاری هێناوە بۆ گەیشتن بەم دەرئەنجامانە؟

هەڵسەنگێنەرەکان هەموولایەنە پەیوەندارەکان، سوودمەندەکان وبەخشەرەکان لە عێراق بەشداری پێکردووە لە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکەدا، ئەمەش لەڕێی بەکارهێنانی پرۆسەی پرسیارکردن و چاوپێکەوتن و هەروەها کۆبونەوەکانی گروپەکانی بەرنامەکە لەگەڵ سودمەندە ناراستەوخۆکاندا.

ئەنجامی کۆتایی ئەم هەڵسەنگاندنە زۆر سەرکەوتوو بوو کە بەرنامەکە توانی ٪٨٧ بەدەست بهێنێت کەلەم خشتەیەی خوارەوەدا روونکراوەتەوە.

بەرەوپێشچوونی بەرنامەکە بەم سیفاتانەی خوارەوەدا دەناسرێتەوە:

• زوربەی پرۆژەکانی UNDP پشتی دەبەست بە شارەزایی و سەرچاوە ناوخۆییەکان لەباتی ئەوەی پشت ببەستێت بە ڕاوێژکارو تەکنیککارە ناعێراقییەکان.

• لایەنە دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان زوربەی تێچوونەکانی بەڕێوەبردنیان گرتە ئەستۆ کە زۆر کات جێبەجێکارە ناوخۆییەکان بە بێ بەرامبەر پێشکەشی ناکەن. هەروەها دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان هەستان بە پێشکەشکردن و دابینکردنی ئامێر و کەلوپەل و سەرپەرشتیار وە هەروەها زۆر خزمەتگوزاری سەرەکی.

• دەسەڵاتدارانی ناوچەیی کەوتنە ناو پرۆسەی دابینکردنی بەشدارپێکردنی کۆمەڵگە ناوخۆییەکان، کە هەستان بەکاری ناوبژیکردن لەنێوان کۆمەڵە دژ بەیەکەکاندا کە پێویستی بکردایە لەڕێی هێنانەکایەی دایەلۆگ لەسەر ئاستی ناوچەیی.

• لیژنە ئاراستەکارە ناوچەییەکان کە بریتین لە یەکەکانی کڕین و جێبەجێکردن و هەروەها کەرتی تایبەت بەشدارییان کردووە لە پرۆسەکانی کڕین و خستنە ئەستۆی هەندێ لەلێپرسراوێتییەکانی بەڕێوەبردنی چەند کارێکی تایبەتی بەرنامەکە.

• بەرنامەکە هەستا بە پێدانی ئەولەوێت بە ئامانجەکانی هەزارەی سێیەمی گەشەپێدان لە پرۆسەکانی پلاندانانداله‌سەر هەموو ئاستەکان. گرنگی ئەم شێوازە بەدەرکەوت وەک ڕەنگدانەوەیەک بۆ دركپێکردنی حکومەتی عێراقی بە گرنگی یەکپێگرتنی ئەم ئامانجانە لە پرۆسەکانی پلانداناندا و داوای کرد کە پلاندانەرە ناوخۆییە نیشتمانییەکان رابهێنرێن لەسەر ئەم ئامانجە گرنگانە.

• هاوکاریکردنی نزیکی لێپرسراوان و ڕاوێژکارانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ لیژنەکانی ئاراستەکاری ناوچەیی و لایەنەکانی حکومەتی ناوخۆیی بۆ ئاراستەکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەکە.

ڕاپۆرتی تیمی هەڵسەنگاندنەکە جەختی کردەوە لەسەر بەرەنگارییەکانی شێوازی هاوبەشیکردنی بەکارهێنراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەعێراق، کە ئەم شێوازە ئەبێتە هۆی بەرگرتنی ملاملانێ کردن و ئیزدیواجیەت لە کاردا لەنێوان ڕێکخراوە بەشداربووەکانی بەرنامەکەدا.

وە ڕاپۆرتەکە پوختەی ئەوەی دا بەدەستەوە بەرەو پێویستی چڕکردنەوەی هەوڵەکانی ڕێککەوتن لەنێوان هاوبەشە جێبەجێکارەکانی بەرنامەکەدا کە بەرهەمی ئەم هەوڵانە لە بەرژەوەندی کاری تایبەتی هەر ڕێکخراوێکدا ڕەنگ دەداتەوە.

وە بەپێی وانە بەسوودە وەرگیراوەکان لە قۆناغی یەکەمی بەرنامەکە، پێشنیازی قۆناغی دووەم دارێژرا بەشێوازێکی گشتگر کە جەخت دەکاتە سەر بەدامەزراوەکردنی شێوازێکی پلاندانانی گشتگرو هاوبەشییکردن، ئەم شێوازەش بەشێوەیەکی فراوانتر لە ناوچەی نوێی عێراقدا بەکاردێت.

| یەکەی بەرنامە: کەمکردنەوەی هەژاری | ئەنجامەکان ١ | بەردەوامیدان ٢ | وەڵامدانەوە بۆ پێداویستییەکان ٣ | جێبەجێکردن لەماوەی دیاریکراودا ٤ | کۆی بەش | ٪ بەرزترین نمرە |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| هەلسوکەوتکردن لەگەڵ هەژاری لە گۆشەی ڕابەرایەتیکردنی لامەرکەزی | ٣ | ٤ | ٤ | ٣ | ١٤ | ٪٨٧ |

پیوانەکردنی پێوەرەکانی ئەدای بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی (١ = پێوەرەکە بەشێوەیەکی پەسەند مافی خۆی نەدراوەتێ، ٢ = پێوەرەکە بەشێوەیەکی کەمتر لە پەسەند مافی خۆی دراوەتێ، ٣ = پێوەرەکە بەشێوەیەکی پەسەند مافی خۆی دراوەتێ، ٤ = پێوەرەکە بەشێوەیەکی تەواو مافی خۆی دراوەتێ.

# بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی لەگەڵ وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری زۆنگاوەکان

## هاوکاری دەکات بۆ دابینکردنی پشتگیری تەکنیکی بۆ پرۆسەکانی پلاندانانی ستراتیجی لە زۆنگاوەکان

پرۆسەی وشککردنەوەی پلان بۆدانراوی زۆنگاوەکان و دەرئەنجامەکانی لە بیست ساڵی رابردوودا وای لە دانیشتوانی زۆنگاوەکان کرد کە کۆچ بکەن وە ئەوانەی کە لەوێشدا ماونەتەوە دەناڵێنن بەدەست ئاستی بەرزی هەژاری و بێکارییەوە و هەروەها نزمبونەوەی ئاستی خزمەتگوزاری وژێرخانی ناوچەکە.

حکومەتی عێراقی لەهەستکردنییەوەبەوەی کەزۆنگاوەکان جێگەیەکی کەلتوری جیهانییە هەستا بە نوێکردنەوەی وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری زۆنگاوەکان لەساڵی٢٠٠٦دا بۆ ئەوەی ببێتەچەترێکی نیشتمانی بۆبوژاندنەوەی زۆنگاوەکان، وەبەپێی ئەوەش لیژنەیەکی ئاراستەکار دامەزرێنرا لە پێکهاتبوو لە لایەنە پەیوەندداره راستەوخۆکان (لە وەزارەتە سیادییەکان) و لەلایەن وەزیری کاروباری زۆنگاوەکانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی هەڵدەستێت بەدابینکردنی پشتگیری تەکنیکی ڕاستەوخۆ بۆ پرۆسەی پلاندانانی زۆنگاوەکان ئەوەش لەڕێی دەستەبەرکردنی پشتگیری بۆ پرۆسەی یەکپێگرتنی پلانەکانی نۆ ناوچەی زۆنگاوەکان کە لەچوارچێوەی چالاکییەکانی بەرنامەکەدا ئامادەکراون.

# بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی

## پشتگیری پرۆسەکانی پلاندانانی ستراتیجی دەکات لە زۆرنگاوەکان

پلانی یەکگرتوو بەکارهێنرا بۆ نۆ ناوچەی زۆنگاوەکان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ پلانە ستراتیجییە پێنج ساڵەییەکەی زۆنگاوەکان. ئەم پلانە بەکارهێنرا بۆ دیاریکردنی کێشەو پێداویستی ئەو ناوچانە و ڕێکخستنی ئەولەویەتەکانی گەشەپێدان بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ هەنگاوەکانی پلانی ستراتیجی بۆ گەشەپێدانی زۆنگاوەکان.

کار کرا لەسەر کۆکردنەوەی نۆ پلانی زۆنگاوەکان لەیەک پلاندا ئەمەش لەڕێی ئەو وۆرکشۆپەوە کە لە تەمموزی ٢٠٠٨ لەبەسرە ڕێکخرا. ئامانجی وۆرکشۆپەکەش پێشکەشکردنی پلانێکی ڕێکوپێکی گەشەپێدان بوو لەڕێی گونجاندنی ئەو دیدو بۆچون و کارو ئامانجانەی کە لەلایەن کۆمەڵگەی ناوخۆییەوە دیاریکراون لەگەڵ دیدو بۆچونی وەزارەتی کاروباری زۆنگاوەکان. وۆرکشۆپەکە لەدیاریکردنی کارو ئەرکەکاندا سەرکەوتوو بوو کە هەریەک لە وەزارەتە سیادییەکان و پارێزگاکانی زۆنگاوەکان وە هەروەها بەخشەرەکان، ئەولەویەتەکان و پرۆژە پێویستەکان بەهەند وەربگرن لە پلانە تایبەتەکانی خۆیاندا.

بەپێی دەرئەنجامەکانی وۆرکشۆپەکە، وەزارەتی زۆنگاوەکان هەستا بە ڕێکخستنی وۆرکشۆپێکی تر بۆ لایەنە پەیوەندارەکان لە بەغدا لە ئابی ٢٠٠٨، ئەمەش بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی پلانی پێنجی ساڵەی زۆنگاوەکان (٢٠١٠-٢٠١٤)، کە شایانی باسە لێپرسراوان و ئەنجومەنی پارێزگاو وەزارەتەکان بەشداربوون لەم وۆرکشۆپەدا.

هەرلەمیانەی وۆرکشۆپەکەدا، پێکهاتەسەرەکییەکانی پلانە یەکگرتووەکە پێشکەشکرا بۆ کۆمەڵێکی زیاتری لایەنی پەیوەندار ئەمەش هەوڵێک بوو لەلایەن ڕێکخەرانی وۆرکشۆپەکەوە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری دیدوبۆچونەکان. لەوۆرکشۆپەکەدا کۆمەڵێک پێشنیاز هاتەکایەوە لە پێناو باشترکردنی پلانی پێنج ساڵەیی زۆنگاوەکان و مسۆگەرکردنی پشتگیری فراوانتر بۆ ستراتیجەکە وە هەروەها بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری بۆ هەوڵەکانی هاریکاریکردن و دابەشکردنی ئەرکەکان.

لەڕێی ئەم پرۆسەیەوە، بەرنامەکە توانی هەستێت بە دابینکردنی پشتگیری تەکنیکی و ئامۆژگاری بۆ پرۆسەی دروستکردنی بڕیارو بەرنامەکە سەرکەوتووبوو لە هاریکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵگەو ئەنجومەنە ناوچەییەکاندا بۆ مسۆگەرکردنی بەشداربوونی تەواوی هەموو لایەنە پەیوەندارەکان لە هەموو هەنگاوەکانی پلاندانان و بڕیارداندا.

# خولێکی ڕاهێنان دەربارەی «بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان و ژینگە» بۆ پلاندانەرە عێراقیەکان لە زانکۆی ئوردون بۆ زانست و تەکنەلۆجیا

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی، سەنتەری شاژن عەلیا بۆ زانستی ژینگەیی و تەکنەلۆجیا خولێکی ڕاهێنانی ڕێکخست بۆ پلاندانەرو لێپرسراوە عێراقییەکان دەربارەی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان و ژینگە.

خولەکە ٥ ڕۆژی خایاندو ٢٩ بەشداربوو ئامادەبوون کە توانای تەکنیکی جیاوازیان هەبوو لەبوارەکانی ئەندازیاری و بەڕێوەبردن و پزیشکی و زانستی مرۆییدا کە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هاتبوون و نوێنەرایەتی دامەزراوەو وەزارەتە جیاوازەکانیان دەکرد. ئەم خولە بەشێوەیەک نەخشەی بۆ کێشرا کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ستافانەی کە لەبواری پلاندانانەدا کار دەکەن و بەتایبەتیش ئەوانەی کە لەبوارەکانی ئاستە جیاوازەکانی پلاندانان و بەڕێوەبردندا کاردەکەن.

ژمارەیەک لەشارەزایانی بواری سەرچاوەی سروشتی و پلاندانانی شارو ئەندازەی ژینگەیی کاریان کرد لەم خولەدا بۆ پێکەوە لکاندنی بابەتە ژینگەییەکان لە پرۆسەکانی پلاندانانەدا بە ئامانجی زیادکردنی ئاستی ووشیاری بەشداربووان لەم بوارەدا. بەتایبەتیش ئامانجی خولەکە ئەوەبوو کە بناغەیەکی مەعریفی بۆ ئەم بوارە درووست بکات و وشیاری بەشداربووان زیاد بکات لەم بابەتانەی خوارەوەدا:

- بابەتەکانی پەیوەست بە سەرچاوە سروشتییەکان و هەروەها چەند بابەتێکی پێشکەوتووی تریش وەک بەڕێوەبردنی سیستمە ژینگەییەکان و پلاندانانی سەرەکی بۆ سەرچاوە سروشتییەکان و بەردەوامییپێدانیان، وە گرێدانیان بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگەو سەرچاوە سروشتییەکانەوە.
- پرەنسیپەکانی نەخشەدانانی شار و پلاندانانی بەردەوامیپێدان، و گرێدانی بە بەردەوامیپێدانی ژینگە.
- بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییە بەفیڕۆکراوەکان و کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی گۆڕانی ئاووهەوا لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان، بە جەختکردنەوە لەسەر ناوچە عەرەبییەکان و عێراق.
- بابەتەکان و شێوازەکانی بەڕێوەبردنی ئاو کە بریتییە لە ووردبونەوەی ژینگەیی و دیراسەکردنی کاریگەری ژینگەیی لەسەر پرۆژەو پێشنیازەکان.

بەمەبەستی بەهێزکردنی فێربوونی تیۆری و زانیاری وەرگیراو لە موحازەراتەکان، سەنتەرەکە هەستا بە بانگهێشتکردنی بەشداربووان بۆ گەشتێکی مەیدانی بۆ دامەزراوە ژینگەییوسروشتییەکان.





# چیرۆکەکان لە شوێنی کارەوە

## نۆژەنکردنەوەی سەنتەری بەخێوکردنی هەنگ لە سەیدسادق



ڕێکخراوی UNDP لەمیانی بەشداریکردنیدا لە بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی، هەستا بە نۆژەنکردنەوەی سەنتەری بەخێوکردنی هەنگ لە سەیدسادق لە پارێزگای سلێمانی کە ئەم سەنتەرە ساڵانێک بوو پشتگوێخرابوو بۆیە کاری نەدەکرد.

ڕێکخراوەکە دیراسەیەکی جەدوای بۆ پرۆژەی هەنگ بەخێوکردن لەناوچەکەدا ئەنجامدا کە ئەم ناوچەیە لە رابردوودا بەناوبانگ بوو بە باشی جۆری بەرهەمی هەنگ، وە بەپێی دەرئەنجامە پۆزەتیڤەکانی ئەو دیراسەیە، بڕیاری دا بە دابینکردنی پشتگیری و ڕێنماییکردن و بانگەوازکردن بۆ جوتیارانی ناوچەکە، ئەوانەی کە ئارەزووی بوژاندنەوەی ئەم چالاکییە کشتوکاڵییەیان هەیە لە ناوچەکەدا.

ڕێکخراوەکە سەنتەرەکەی نۆژەنکردەوە و تاقیگە و ئامێرە پێویستەکانیشی بۆ دابینکرد کە ئەمەش دەبێتە یاریدەدەرێک بۆ توێژەرەوەکانی زانکۆ و پەیوەندارە کشتوکاڵییەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و بەرەوپێشبردنی چالاکییەکانی هەنگ بەخێوکردن لە ناوچەکەدا.

وەهەروەها ڕێکخراوی ناوبراو سێ خولی ڕاهێنانی کردەوە بۆ بەخێوکەرانی هەنگ و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی ناوچەکە، کە ڕاهێنانەکان تیشکیان دەخستە سەر شێوازەکانی دۆزینەوە و چارەسەرکردنی نەخۆشییە باوەکانی هەنگ لە ناوچەکەدا.

وە هەنگ بەخێوکەرەکان ڕاهێنران لەسەر باشترین شێوازەکانی زیادکردنی بەرهەم و چاککردنی جۆری بەرهەمەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن باری گوزەرانیان باشتر بکەن و بەردەوامی پێبدەن. ژنان خولیایەکی گەورەیان نیشاندا بۆ وەرگرتنی ڕاهێنان کە لە کۆی ٢٥ بەشداربوو ١٥ یان ژن بوون.

## نۆژەنکردنەوەی هۆڵی شانۆی خوێندنگەی شاتی لە چبایش



لە ڕێی پێشنیازێکی ڕێکخراوی UNDP یەوە کە پێشکەشی کرد بە بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی، ئەنجومەنی ناوخۆیی چبایش ئارەزووی خۆی پیشاندا بۆ بوژاندنەوەی شانۆی قوتابخانەی ئەلشاتی لە چبایش کە ٧٥ کم لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری ناسریە یە.

ئەم بینایە لە ساڵی ١٩٨٠دا دروستکراوە بەمەبەستی دابینکردنی جێگەیەک بۆ چالاکی پەروەردەیی قوتابخانەکان لە چبایش وەکو نواندن، وەرزش و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان. وەهەروەها ئەم بینایە شانۆیەکی بچووکی تیادایە کە جێی ١٠٠ کەس دەبێتەوە کە تیایدا کۆڕی شیعری و وچالاکی تارخوێندنەوەی تیادا دەکرا بەڵام لە پاش دەستپێکردنی جەنگی عێراق و ئێران، بینایەکە پشتگوێخراوو هیچ کارێکی بۆ نەکرا تاوای لێهات بووە وێرانەیەک.

هەربۆیە، بەرنامەکە هەستا بەکاری دروستکردنەوەی بناغەو دیوارەکان بەتەواوی وە هەروەها عەزلکردنی دیوارەکان بۆ پاراستنی لە شێ. وە دانانی پەنجەرەو دەرگاو چاککردنەوەی سەقفی بیناکەو هەروەها ڕاکێشانی کارەبای بیناکەو کاری ئاوو ئاوەڕۆ و جگە لەمانەش کۆنکریتکردنی شۆستەی چواردەوری بیناکە.

جێبەجێکردنی پرۆژەکە ٤٥ ڕۆژی خایاند کە ٩-٢٠ کرێکاری کارامە کاری تیادا کرد بەرۆژانەی ٤٠ دۆلار وەهەروەها ٣٠ کرێکاری کەم شارەزا بەرۆژانەی ١٠ دۆلار بەمەش ١٧٥٥ ڕۆژی هەلی کار بۆ خەڵکی ناوچەکە دابینکرا. ئەم پرۆژەیە دوو کاریگەریی گرنگی هەبوو یەکەمیان لەسەر خەڵکی ناوچەکە کە ١٠٠٠٠ کەس دەبن کە بەهۆی ئەم پرۆژەیەوە توانیان چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانیان بوژێننەوە. وە کاریگەرەکەی تریان ئەوەبوو کە بەرەوپێشچوونی پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بووە هۆی زیادکردنی بڕوای خەڵکی بە توانای دەسەڵاتدارانی ناوخۆ بۆ بەدەنگەوەهاتنی داواکانیان.

## خەڵکی جامعەین ئاهەنگ دەگێرن بە بۆنەی چاکردنەوەی ڕێگاکانیان



حلە ناسراوە بە چری دانیشتوانەکەی کە نزیکەی نیو ملیۆن کەسی تیادا ئەژی لە ڕووبەری ١٦٧ کیلۆمەتر دووجادا. وە حلە بەشارۆچکەی جامعەین ی کۆن دەناسرێت کە ئەوساو تا ئێستاش جێگەیەکە بۆ پێکەوەژیانی خەڵکی بە بیروباوەڕو ئایین و ڕەگەزی جیاوازەوە. واش باس دەکرێت کە ئەو بەردەی جامعەین ی پێ دروستکراوە لە شاری ئەولکی بابلی کۆنەوە هێنراوە.

وەک ئاشکرایە کە چاککردنی ژێرخانی ئابوری و خزمەتگوزارییە شارەوانییەکان یەکێکن لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی HABITAT لە عێراق هەربۆیە ئەم ڕێکخراوە هەستا بە چاککردنەوەی ڕێگاو کۆڵانەکانی جامعەین وەهەروەها دروستکردنی کەناڵی ئاوەڕۆ لە شارۆچکەکەدا.

تێچووی ئەم پرۆژەیە بڕی ١٥٣,١٤٥ دۆلاری ئەمریکییە کە ٣,٢٢٥ مەترە دووجا کۆڵان و ڕێگکانی پێ کۆنکریتکرا وەهەروەها ٧١٧ مەتر درێژی کەناڵی ئاوەڕۆ دروستکرا. وە ئەم دەستپێشخەرییە بووە هۆی دروستکردنی ١,٤٦٥ هەلی کاری ماوەکورت، وە خزمەت دەگەیەنێتە خەڵکی ناوچەو خاوەن کارەکان کە ژمارەیان ١٢,٠٠٠ کەسە لە ناوچەکە. وە ئەم پرۆژەیە پشتگیرییکی چاکی لێکرا لەلایەن خەڵکی جامعەین و دامەزراوە حکومییەکان وڕێکخراوە خۆبەخشەکانەوە.

# چیرۆکەکان لە شوێنی کارەوە

چەقان گەڕەکێکە لەسەید سادق ویەکێکە لەگەڕەکە هەرە قەرەباڵغ و هەژارنشینەکانی پارێزگای سلێمانی کە ٥٠٠٠ کەسی تیادا دەژی. زوربەی گەڕەک

چاککردنەوەی ڕێگاکانی گەڕەکی چەقان



و شەقامەکانی زۆر وێرانن و بەهۆی ئەوەی کە خۆڵ و قورە و زەحمەتی هاتوچۆکردن کاریگەرییەکە نێگەتیڤی کردۆتە سەر خەڵکەکەی و بەتایبەتیش منداڵان کە دەچن بۆ قوتابخانە، زەحمەتێکی زۆر دەبینن بەهۆی ئەم ڕێگایەوە.

وەک بەشێک لەکاری ڕێکخراوی HABITAT لەچوارچێوەی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەییدا لەعێراق، ئەم ڕێکخراوە کار دەکات بۆ چاککردنی ئاستی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ گروپە لاوازو پەراوێزخراوەکان. لەماوەی نێوان سەرەتای کانونی دووەم و ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا ڕێکخراوەکە پرۆژەیەکی جێبەجێ کرد بۆ چاککردنەوەو فرێدانی خۆڵ و خاشاک و کۆنکریتکردنی ڕێگاو کۆڵانەکانی گەڕەکی چەقان بەدرێژی زیاتر لە ٦٠٠ مەترە دووجا. وەرهەروەها کۆنریتکردنی ٨٥٠ مەتر لەڕێگە خزمەتگوزارییەکان و ڕاکێشانی کەناڵی باراناو.

زۆنگاوەکان یەکێکن لەناوچە ئاوییە هەرە گەورەو چڕ بەدانیشتوانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام بەهۆی ئەو ساڵانەی کە چەندین بەنداو دروستکراو کاری

پەیمانی ڕاوچییەکان بۆ بەشداری کاریگەر بەمەبەستی پەرە پێدانی هوشیاری ژیانی تەندروست و پارێزگاریکردن لە ژینگە



وشککردن و پیسبوونی ژینگەو ڕاوکردنی نایاساییەوە ئەم ناوچەیە بووە ناوچەیەکی نەشیاو بۆ ژیانی خەڵک و ڕووەک و ئاژەڵەکان.

هەربۆیە ڕێکخراوی WHO بەهاوکاری لەگەڵ حکومەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوچەیی، هەوڵ و کۆششێکی زۆری خستەگەڕ بۆ نەخشەکێشانی هوشیاری تەندروستی و ژینگەیی و وەک بەشێک لەکاری بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی کاری کرد لەبوارەکانی بوژاندنەوەی زۆنگاوەکان و ڕاهێنانی خەڵکی ناوچەکە لەسەر هاوکاریکردن و هەستان بەڕۆڵی هاوبەشیکردنی خۆیان لە پاراستنی ژینگەدا لەهەریەک لە پارێزگاکانی میسان و زیقارو بەسرە. وەک بەشێک لەم کارە و هاوشان لەگەڵ ڕێنماییەکانی لیژنە ئاراستەکارە ناوچەییەکانی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی، ڕێکخراوەکە لە سەرەتای هاوینی ئەمساڵدا چەند وۆرکشۆپێکی کردەوە دەربارەی ڕاوکردنی نایاسایی لە ناو کۆمەڵگە ناوچەییەکاندا.

نزیکەی ٧٥٠ ڕاوچی لەهەر سێ ناوچەی مەیمونە (میسان) و چبایش (زیقار) و مەداینە (بەسرە) بەشدارییان کرد و جگە لە بەشداریکردنیان لە خولەکانی ڕاهێنانی ڕاوکردنی ماسی. کە پاش خولەکان ڕێکخراوی WHO تۆڕی ماسیگرتنی نوێی گونجاو بۆ ژینگەی دابەشکرد بەسەر ڕاوچییە بەشداربووەکاندا. وەهەروەها ڕێکخراوەکە هەستا بە کۆکردنەوەی پشتگیری ئەنجومەنی شارەوانییەکان بۆ مسۆگەرکردنی بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و ڕۆشنبیری ڕاوکردنی یاسایی و تەندروست و بەردەوامدەر لەناو خەڵکانی تری ناوچەکە کە بەشداری ئەم ڕاهێنانەیان نەکردووە، وەهەروەها گرنگی ڕۆڵی ڕاوکەرەکان لەبەرچاوگیراوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆشنبیرییە لەناو خەڵکانی تری ناوچە دراوسێکانیان.

کەشوهەوای پڕ لەبەشداریکردن و ئازادی ڕادەربڕینی ڕاوچییە بەشداربووەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ سەرکەوتنی ئەم کارە، کە بەشداربووان ڕەزامەندیو خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ ئەم شێوازە نوێیە لە هەڵسوکەوتکردن و هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی ناوخۆیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی. لەم چالاکییانەدا هەندێک لەمەرجەعە ئایینییەکان ئامادەبوون بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ڕاوکردنی یاسایی و تەندروست و بەتەنگەوەهاتوو بۆ ژینگە لەڕوانگەی ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلامەوە بۆ ئەوەی ڕاووبۆچونەکان گشتگر بن بۆ هەموو لایەنە ئەخلاقی و ئایینی و مەدەنییەکان.

لە کۆتایی ئەم خولانەدا زوربەی بەشداربووان پەیمانیاندا بەخۆیان و زوربەشیان لەڕێی کەلتورێکی ناسراوی ناوچەکەوە کە بە (رایە العباس) دەناسرێت پەیمانیان دا بەوەی کە واز لە ڕاوکردنی نایاسایی بێنن و پاڵپشت بن بۆ بابەتەکانی تەندروستی گشتی و ژینگە لە کۆمەڵگەکانیاندا.

کۆمەڵەی بەیان داواکاری هەوڵی زیاترە بۆ فێرکردنی کچان



کۆمەڵەی بەیانی تەندرووستی نیشتمانی یەکێکە لە ڕێکخراوە خۆبەخشە ئەکتیڤەکان، کە کار دەکات لەگەڵ ڕێکخراوە تەندروستییەکانی تردا بۆ بەهێزکردنی کەرتی تەندروستی و لایەنەکانی تری گەشەپێدان لە پارێزگاکەدا.

# چیرۆکەکان لە شوێنی کارەوە

لەڕێی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەییەوە، کۆمەڵەی بەیان ڕۆڵێکی گەورەتری پەیدا کرد وەک کارلێککەرێکی هاندەر لەبواری دانانی ستراتیجەکان و دیاریکردنی کارە گرنگەکان بۆ پەرەپێدانی سێکتەری تەندروستی گشتی لە میسان. سجیل زەیبون شیاد، بەڕێوەبەری کۆمەڵەکە ڕایگەیاند و وتی «بەشداریکردنی کاریگەرمان و گیانی هاوکاریکردن لەگەڵ بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەییدا هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ دیاریکردن و بەدواداچوونی ئەولەویەتەکان لە بواری تەندروستیدا لەمیسان بەشێوەیەکی هاوبەشیی داهێنراو». ڕێکخراوی WHO هەستی بەرۆڵی ئەم کۆمەڵەیە کرد لە پشتگیریکردنی کەرتی تەندروستی دا لەمیسان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨دا، هەربۆیە پشتگیری کرد بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێک لە لیژنەی کاری بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەییدا و بتوانێت ئامادەبوونی هەبێت لە کۆبونەوەکانی گروپەکانی کرداو هاوکاری بکات لەگەڵ هەموو لایەن و تاکەکانی مەیمونەدا. بەڕێز شیاد ووتی « ئەو ووەرکشۆپ و پشتگیرییانەی کە بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی بۆی دابین کردین بووە هۆی زیادکردنی بەهایەکی نوێی گەورە بۆ ئێمە لەبواری پلاندانان و پەرەپێدانی سێکتەری تەندروستی ناوخۆیی کۆمەڵگەکەمان». وە بەپێی ئەو لەوبڕوایەی کە کۆمەڵەی بەیان هەیەتی بە رۆڵی ژن لە میسان بۆ هێنانەدی گەشەپێدان، بڕیاریدا بەتەرخانکردن و بەکاربردنی سەرچاوەو و کۆششەکان بۆ هاندانی فێرکردنی کچان، بەتایبەتیش لەبواری تەندروستیدا. دکتۆرە عەواتیف عەزیز، ڕێکخەر لەبەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی وتی «تێبینی ئەوەمان کردووە کە زۆر لە ئافرەتانی ناوچەکە کاری پەرستیاری دەکەن لە ناو کۆمەڵگەکەیاندا بەشێوە ساکارەکەی، لەبەر ئەوە پێشنیازمان کرد بۆ لایەنە حکومیی و پەروەردەییەکان لەناوچەکە تاوەکو کارئاسانیان بۆ بکەن و هانیان بدەن تا بەشداری بکەن لە خولی ڕاهێنانی پەرستیاریدا.

خولێکی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی زانست لە سێ ناوچەدا



یەکێک لە ئامانجەکانی بەشداریکردنی ڕێکخراوی UNESCO لە بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەییدا بۆ بوژاندنەوەی بواری قوتابخانەکان بوو لە سێ ناوچەدا، کە ڕێکخراوەکە کاری کرد بۆ دابینکردنی تاقیگەکانی کیمیاو فیزیاو زیندەوەرزانی لە قوتابخانەکانی ئەم ناوچانەدا. وە بەڕاستی هەندێک لەقوتابخانەکان تاقیگەیان بۆ دابینکرا و ئەوانەی تریش چاوەڕێی گەیشتنی کەلوپەلەکانن. وەک هەولێک لەم ڕێکخراوەوە بۆ زیاترکردنی سوودی ئەم تاقیگانە هەستا بە زیادکردنی تواناکانی مامۆستایان لەبواری ڕاهێنانیان لەسەر شێوازە نوێیەکان بۆ فێرکردنی زانست. ڕێکخراوی UNESCO ووۆرکشۆپێکی ئەنجامدا بۆ ٢٤ مامۆستای ژن و پیاولە و قوتابخانانەی کە ئامانجی بەرنامەکەن. ووۆرکشۆپەکە لە قوتابخانەی ئەرسەزۆکسی عەممان بەڕێوەچوو لە ١٥-٢٠ی ئابی ٢٠٠٩دا بەپێی مەنهەجەکانی خوێندنی زانست لە عێراقدا بۆ پۆلەکانی ١٠ و ١١ و ١٢. کۆمەڵێک لە شارەزایانی بوارەکە هەستان بە دیراسەکردنی ناوەڕۆکی مەنهەجی خوێندن لەعێراقدا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا ئەتوانێت هەموو توێژینەوە سەرەکییەکانی تاقیکردنەوەکانی تاقیگەکان بگرێتەخۆ. ئەم پرۆسەیەش بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک ڕێنمایی بێتەکایەوە بۆ ئەوانەی کە مەنهەج دادەنێن بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی مەنهەجی خوێندنی وانەکان بەشێوەیەک بێت کە بگونجێت لەگەڵ لیستی تاقیکردنەوەکانی تاقیگەکاندا. شارەزایانیش هەموو تاقیکردنەوە تاقیگەییەکانیان ئەنجامدا لەگەڵ مامۆستاکان و سەرپەرشتیاری تاقیگەکاندا، و کە بەشێوەیەکی پراکتیکی ڕێنماییان پێشکەش کرد تا دڵنیابن لە ئامادەیی مامۆستاکان بۆ ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوانەو سەرپەرشتی کردنی. هەموو بەشداربووانی خولەکە چەند چاپکراوێکی ڕێنماییکردنیان پێدرا کە تیایدا لیستی هەموو ئەو تاقیکردنەوانەی تێدایە کە دەتوانرێت لە تاقیگەی نوێدا ئەنجام بدرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی کاریگەری فێرکردن و زیاتر سوود وەرگرتن لە تاقیگەکان.

ڕاهێنان لە بواری گوزەرانکردن بۆ ڕاهێنەرانی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی



بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی SAVE THE CHILDRENی ئەمریکی، ڕێکخراوی UNESCO بیرۆکەیەکی پێشکەش کرد بۆ دابینکردنی ڕاهێنان لەبواری کارامەیی گوزەرانکردن بۆ ستاف و ڕاهێنەرە سەرەکییەکانی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی، کە ئەم بەرنامەیەش نەخشەی بۆ کێشراو پێشکەشکرا پاش ئەوەی کە ڕەزامەندی لەسەر کراو و پێشوازی لێکرا لەلایەن ئەو لایەنانەی کە ڕاهێنانەکە وەردەگرن. وە ئەم ڕاهێنانەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕاهێنەران و ستافی سەنتەرەکانی ڕاهێنان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاربکەن بۆ ئەو گەنجە عێراقییانەی کە تەمەنیان ١٦-٢٤ ساڵ دەبێت بۆ ئەوەی کارامەییان زیاد بکەن تابتوانن کاریان دەست بکەوێت و بچنە ناو بازاری کارەوە. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە بەغداو کوردستان ١٢ ڕاهێنەریان هەڵبژارد بۆ بەشداریکردن لە بەرنامەی ڕاهێنانی کارامەیی گوزەران و ئاسانکاریکردن. ڕاهێنانەکە جەختی کردەوە لەسەر ڕونکردنەوەی سیفاتی ناوازەی گەنجانی بەشداربوو ئەوەش بۆ بەتواناکردنیان بۆ دیاریکردنی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی گەنجان و هەروەها ڕێنماییکردنی بەشداربووان بەرەو هاندانی گەنجان بۆ شانازیکردن بە سەرکەوتنەکانیانەوە وە ڕەفتارکردن بەهەمان شێوەش لەگەڵ تاکەکانی خێزان و کۆمەڵگەکەیان. بەرنامەکە کاری کرد لەسەر بنیاتنانی توانای بەشداربووان لەبواری دەستنیشانکردنی کارامەیی تەکنیکی پێویست لەلایەن سێکتەرە پیشەییەکانەوە، تا لەتوانایاندا بێت یارمەتی گەنجان بدەن بۆ دیاریکردنی ڕێچکە پیشەییەکانیان. بەشداربووان چەند بوارێکی کارامەییان دیاریکرد کە پێویستە بۆ بازاری کرێکار وەک کارامەیی پەیوەندییەکان، نوسینی CV و یاساکانی کارو کرێکار و ئەخلاقیاتی کار و و هەروەها کارامەیی گەڕان بەدوای کاردا.

وەهەروەها تەوەرێکی تری بەرنامەکە تیشکی خستە سەر کارامەیی چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن، کە بەشداربووان باشترین شێواز فێربون بۆ دیاریکردنی گۆڕان لە کارامەیی خوێندکارەکانیاندا وە پەیوەندی ئەم گۆڕانە بە پراکتیزەکردنی بیرۆکەکانی ئەم خولی ڕاهێنانە.

# چیرۆکەکان لە شوێنی کارەوە

لەکۆتایی بەرنامەکەدا، بەشداربووان رۆژێکی تەواویان بۆ تەرخانکرا بۆ راهێنان لەسەر شێوازەکانی پەیوەندیکردن بە کۆمەڵگەو کۆکردنەوەی پشتگیریان، وە راهێنانەکەش چەند شێوازێکی نوێی لەخۆگرتبوو بۆ پەیوەندیکردنی سەرکەوتوو بەکۆمەڵگەو هەروەها ئەو نامە پۆزەتیڤانەی کە پێشنیازکراوە بۆ ئەوەی بگەیەنرێتە تاکەکانی کۆمەڵگە. دایکی محمەدی چل ساڵان، چەندین

دایکی محەمەد پرۆژە نوێیە تایبەتەکەی بەدوورمانکردن دەستپێدەکات



چەرمەسەری بینیوە لە ژیانیدا. پاش ئەوەی محەمەدی کوری بەنەخۆشییەکی درێژخایەن وەفاتی کرد پاش ئەوەش نوری کچی وەفاتی کرد دوای ئەوەی بۆماوەی ساڵ و نیوێک لەنەخۆشخانە مایەوە. بەم هەموو ئازارو خەمبارییەوە مێردەکەی تەڵاقی دا بەبیانووی ئەوەی کەناتوانێت منداڵی لەشساغی ببێت، کە لەو کاتەشدا سکی پڕبوو بە ئەحمەد ئەوەبوو کە ئەحمەدی بوو بێوەژن بوو وە هیچ سەرچاوەیەکی بژێویشی نەبوو هەستی بە تەنیایی و بێ هیوایی دەکرد بەڵام ئەمە رێگەی لێ نەگرت بۆهەوڵدان بەرەو ژیانێکی باشتر، و هەلی ئەوەی قۆستەوە کە بەشداری بکات لەخولێکی راهێنانی درووماندا کە کەلەلایەن کۆمەڵەی فیردەوسەوە رێکخرا بەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوی UNIFEM. ئوم محەمەد خولەکەی تەواوکردو مەکینەیەکی دروومانیشی وەرگرت کە پرۆژەکەی خۆی دەستپێکردو ئێستا کاری دروومانی دەکات و خەڵکی ناوچەکەش سەردانی دەکەن بۆ ئەوەی کاری دروومانیان بۆ بکات.

لە بێ هیواییەوە بەرەو ئاواتە فراوانەکان ـ چیرۆکی بان ئلیاس



بان ساڵی ١٩٧٥ لەخێزانێکی هەژارەوە لەدایک بووە لەشاری حلله کە بەهۆی هەژاری خێزانەکەیەوە نەیتوانی بچێتە زانکۆ، وەدوای شوکردنەکەی بەماوەیەک مێردەکەی بەهۆی شەڕی تایەفییەوە گیانی لەدەستداو، بان بێوەژن بوو بە چوار منداڵەوە کە لێپرسراو بوو لەبەخێوکردنیان و مەسرەفی قوتابخانەکەنیشیان بەبێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی شک بەرێت هەربۆیە دەستی کرد بەکاری چێشتلێنان لەماڵەکەی خۆیدا و خواردنی ئامادەدەکرد بۆ بۆنەکان بەڵام ئەمەش بژێوی ژیانی بەباشی نەدەبرد بەرێوە هەربۆیە بەشداری کرد لەخولێکی راهێناندا لەبواری بەرێوەبردنی پرۆژەی بچووک کەلەلایەن کۆمەڵەی بینت ئەلرافیدەین بەپشتگیری UNIFEM ئەنجامدرا لەکانونی دووەم و شوباتی ٢٠٠٩دا، بان کارامەییەکانی خۆی برەوپێدا لەبوارە جیاجیاکانی بەرێوەبردندا، وەلەگەڵ چەند ژنێکی تردا رێککەوتن بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی گەورەترو باشتری خزمەتگوزاری خواردن پێشکەشکردن. سەرکەوتنی خێرای بان و هاوبەشەکانی بووە هۆی ئەوەی هاوبەشییەک بکەن لەگەڵ بینت ئەلرافیدەیندا بۆ دامەزراندنی دوکانێکی ئامادەکردنی خۆراک، کە کۆمەڵەی بینت ئەلرافیدەین یارمەتی بان دەدات بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی. وەهەروەها ئەم کۆمەڵەیە لەیادی هەشتی مارسی ٢٠٠٩دا کە ئەم یادەی رێکخست و بان و هاورێکانی ئەم بۆنەیەیان بەرێوەبردو بەرهەمە خۆراکییەکان تیادا ئەفرۆشت. لە ئایاری ٢٠٠٩دا بان و هاورێکانی دوکانە نوێیەکەیان کردەوەو بان یش بووە بەرێوەبەری دوکانەکەو دوو ئافرەتیشی لە بەشداربووانی خولی بەرێوەبردنی پرۆژە بچووکەکان، لەلایی خۆی دامەزراند وەک ژمێریارو یاریدەدەری بەرێوەبردن.

رێکخراوی ILO و UNOPS لەچوارچێوەی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەییدا، پێکەوە چەند پرۆژەیەک جێبەجێ دەکەن لەهەر سێ ناوچەی باکورو ناوەراست و

قەرزی بچوک بۆ کاری بچوک



باشوری عێراقدا. بەرنامە هاوبەشەکە ئەم تەوەرانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- ئامادەکردنی پلانەکانی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی.
- بوژاندنەوەی ئابوری و درووستکردنی هەلی کاری نوێ.
- بوژاندنەوەی ژێرخانی خزمەتگوزاریی و کۆمەڵایەتی بەبەکارهێنانی شێوازی دامەزراندنی چری کرێکار.

هەریەک لە رێکخراوەکانی ILO و UNOPS کاری رابەرایەتی و رێکخستن ئەگرنە ئەستۆ لە تەوەری دووەمدا، کە ئامانجی بوژاندنەوەی ئابوری و هێنانەکایەی هەلی کارە لەسەر ئاستی ناوچەیی. هەر لەچوارچێوەی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەییدا، دەستپێشخەری پرۆژەی قەرزی بچووک و ئاسانی سوودوەرگرتن لێی رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە هێنانەکایەو دابینکردنی هەلی باش و نوێ بۆ ٧٠٠ پرۆژەی بچوک و زۆر بچوک کە ٢٠٪یان خاوەنەکانیان ژنن، وە لەئەنجامی ئەمەش ٣٥٠ پرۆژە پشتگیری لێکراو ١٥٠ هەلی کاریش دابینکرا و هێنرایە کایەوە لەوناوچانەی کە بەدەست سستی ئابورییەوە دەناڵێنن.

# چیرۆکەکان لە شوێنی کارەوە

ئیکرام محمد عەلوان، بێوەژنێکە کاردەکات لە پێناو بژێوی خۆی و منداڵەکانی، یەکێکە لە سوودمەندەکان، ماوەیەکی زۆرە لەبواری پەروەردەدا کار دەکات بەڵام مانگانەکەی زۆر کەم بوو بەشی مەسرەفی خۆیی و منداڵەکانی نەدەکرد هەربۆیە هەوڵی دەدا بۆ باشترکردنی بژێویی و ژیانی خۆی و خێزانەکەی هەربۆیە لە ساڵی ٢٠٠١ دا ساڵۆنێکی قژبرینی دانا لەناو ماڵەکەی خۆیدا و خزمەتی پێشکەشکرد بە هاوڕێ و دراوسێکانی و هەر لەکارەکەشیدا هەردوو کچەکەی هاوکاریان دەکرد کە یەکێکیان وازی لە خوێندن هێنابوو بۆ ئەم مەبەستە. بەهۆی قەرزێکی بچوکەوە بەبڕی ١٥٠٠ دۆلاری ئەمریکی ئیکرام توانی ساڵۆنەکەی چاک بکاتەوە و کەلوپەلی نوێی بۆ بکڕێت بۆ باشترکردنی کارەکەی فراوانترکردنی تاوەکو مشتەری زیاتری هەبێت. ئەوکات کارەکەی ئیکرام زیاتر بەرەوباشی ئەڕۆیشت و ناوبانگێکی باشیشی پەیدا کرد کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەستکەوتێکی زیاتری هەبێت و هەربۆیە کچەکەی ناردەوە بەرخوێندن لەدەوامی ئێواران کە هەم دەوامی قوتابخانەکەی دەکات و لەهەمان کاتیشدا بەرۆژ یارمەتی دایک و خوشکەکەی دەدات.

ویسام عەلی حسەین، کەسێکی بەکۆششە کە کارامەییەکەی و توانای داهێنانی وای لێکرد کە کارێکی ناوازە دابمەزرێنێ لەشوێنی لەدایکبوونی خۆی کە قورنەیە. هەر لەمنداڵییەوە ویسام ئارەزووی کاری نەحت و هەڵکۆڵینی لەسەر تەختە هەیە و ئەم کارامەییەی کەلەمنداڵییەوە هەیبوو لەگەڵیا گەورەبوو هەتا پرۆژەکەی خۆی دامەزراند بۆ کاری دیکۆرکردنی ناوماڵ بە تەختە و کارەکانی ستایشی خەڵکی ناوچەکەی دەستەبەرکرد کە بووە هۆی بەتواناکردنی بۆ فراوانکردنی کارەکەی و دانانی یاریدەدەرێک. بەڵام فرانبوونی کارەکەی بووە هۆی ئەوەی بەخۆی و یاریدەدەرەکەشی فریا نەکەون بۆیە بۆ فراوانکردنی کارەکەی پێویستی بەوەبوو کە ئامێری نوێ بکرێت بۆ ئەوەی یاریدەدەر بێت لەکارەکەیدا بۆ دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی مشتەرییەکانی. بەو پێیە ئیکرام بەپارەی کۆکراوەی خۆیی و بەو قەرزە بچوکەی کە وەریگرت بەبڕی ٣٥٠٠ دۆلاری ئەمریکی ئامێرە پێویستەکانی کری هەربۆیە بەهۆی ئەو ئامێرانەوە کات و ماندوبونی زۆری بۆ گەڕایەوە بەتایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتایی کارەکەیدا کە کاری بڕین و ئامادەکردنی تەختەیە، بەهۆی ئەمەشەوە ئەتوانێت زیاتر خەریک بێت بەلایەنی هونەریی کارەکەیەوە بۆ باشترکردنی بەرهەمەکانی و کارەکەی تادیزاینی نوێ بێنێتەکایەوە بۆ زیاتر رازی کردنی مشتەرییەکانی.

## بەتواناکردنی ژن لەڕووی ئابوورییەوە.

لەچوارچێوەی تەوەری پەرەپێدانی ئابوری ژنان و پێکهاتەکانی بەتواناکردن لەبەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی، ڕێکخراوەکانی ILO و UNOPS چەند خولێکی ڕاهێنانیان ئەنجامدا لە عەممان و ناوچە جیاجیاکانی عێراق بەبەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕێکخراوی ILO لەم بوارەدا.

دوو خولی ڕاهێنانی ڕاهێنەران ئەنجامدرا لەبواری «جێندەر و بیزنس پێکەوە بەرەو پێشەوە» لەعەممان بە شداربوونی ٥٠ بەشداربوو بەئامانجی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی گەشەپێدانی پرۆژە لای ئەو پیاوو ژنە خاوەن پرۆژانەی کە داهاتیان نزمە و ئەیانەوێ پرۆژەی بچوک دابمەزرێنن یاخود خۆیان پرۆژەیەکیان هەیە کە بەتەنیا هی خۆیان بێت یان وەک خێزان هەیانە یاخود بەهاوبەشیی لەگەڵ خەڵکی تردا.

ئەم بەرنامەی ڕاهێنانە تیشک دەخاتە سەر زیادکردنی کارامەییە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی پرۆژەکارەکان لەڕوانگەی جێندەرەوە بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکارێک یان پەرەپێدانی ئەوانەی کە هەن. وە دەرئەنجامێکی ئەم دوو خولی ڕاهێنانە، ڕێکخراوی ILO و UNOPS سێ یارمەتی دارایی دا بە ڕێکخراوی ناحکومی ڕەیاددە لەبەسرەو ڕێکخراوی ناحکومی فورات لە حللەو دەزگای ئابوری کوردستان لە سلێمانی بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنان لەناو عێراقدا بەمەبەستی بەهێزکردنی تواناکانی ژنان و پیاوان لە دامەزراندنی بیزنسە تایبەتەکانی خۆیاندا، تائەمڕۆ ئەم سێ لایەنە زیاتر لە ٣٠ خولی ڕاهێنانیان کردۆتەوە بۆ زیاتر لە ٩٠٠ بەشداربوو کە ٥٥٪ی ژن بوون.

وەهەروەها ٢١ ڕاهێنەر ڕاهێنران لەسەر ئامرازی دووەمی ڕێکخراوی ILO لەبواری بەتواناکردنی ژنان، پەرەپێدانی کارامەییەکانی خاوەنکارێتی ژن و یەکسانی جێندەر. ئامانجی ئەم ڕاهێنانە بەهێزکردنی تواناکانی ستافی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەزگاکانی بواری بیزنس و لایەنە پەیوەندارەکانی تر دەربارەی بەلەبەرچاوگرتنی یەکسانی جێندەر لە خاوەندارێتی پرۆژە کارەکان و بەشداری پێکردنی ژنان (ئەو ژنانەش لەخۆ بگرێت کە کەمئەندامن) لە پرۆژە کارەکاندا.

لەکۆتایی خولی ڕاهێنانەکەدا، هەریەک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەستیان کرد بە ئامادەکردنی پلانێکی کار بۆ پەرەپێدانی توانا دامەزراوەییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی خاوەندارێتی ژن بۆ پرۆژە کارەکان و هەروەها بەهێزکردنیان لەڕووی ئابورییەوە. پاشان باشترین ١٠ پلانی کار هەڵبژێردرا و هاوکاری دارایی کران لەلایەن ILO/UNOPSەوە بۆ ئەوەی بتوانن چالاکی و پرۆژەی جیاواز جێبەجێبکەن بەمەبەستی بەتواناکردنی ژنان لەڕووی ئابورییەوە کە ٤٠٠ ژن سوودمەند دەبن لێی.

ئەم چالاکییانەش وەکو کردنەوەی ٢٥ خولی ڕاهێنان لەسەر دامەزراندن و پەرەپێدانی پرۆژەکار و گەشەپێدانی کارامەیی ژنان لەم بوارەدا و هەروەها بنیاتنانەوەی ٦ ڕێکخراوی ناحکومی و بنیاتنانی تواناکان لەبواری بەڕێوەبردنی بیزنس وژمێریاری و بابەتە جیاوازەکان. گرووپی چارەسەری دارایی نێودەوڵەتی ISG کاری چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی گەیشتنی ئەم یارمەتییە داراییانەی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان، گرتۆتە ئەستۆ.



# هاوبەشی ئەم ژمارەیەی تەواسوڵ: دەستەی پزیشکی نێودەوڵەتی



دەستەی پزیشکی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی مرۆیی خۆبەخشە، ئامانجی ڕزگارکردنی ژیانی خەڵک و کەمکردنەوەی ناڵاندنە لەڕێی ڕاهێنان لەسەر چاودێری تەندروستی و بەرنامەی گەشەپێدان و یارمەتیدان. ئەم دەستەیە لەساڵی ١٩٨٤ دامەزراوە لەلایەن چەند پزیشک و پەرستیارێکی خۆبەخشەوە بۆئەوەی ببێتە ڕێکخراوێکی خۆبەخشی ناسیاسی نائایینی. کاری سەرەکی ئەم ڕێکخراوە باشترکردنی جۆری ژیانە لەڕێی ئەو دەستپێشخەرییانەی کە پەیوەستە بە تەندروستی و چالاکییەکانی پەیوەنددار بە بنیاتنانی تواناکانی کۆمەڵگە پەراوێزخراووبێدەسەڵاتەکان لەهەموو جیهاندا. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە لەعێراقدا کار دەکات کە لەسەرەتاوە زەرورەتی ئەوەی دیاری کرد کە پێویستە بایەخ بدرێت بە پاککردنەوەی ئاو لەعێراقدا. لەچوار ساڵی ڕابردوودا، ڕێکخراوەکە ٢٦٠ پرۆژەی لەبواری پاکژکردنەوەی ئاودا جێبەجێ کرد وەهەروەها ٩٠٪ی ئەو کەسانەی ڕاهێنا کە لەبواری وشیاری تەندروستی و بوارەکانی باشترکردنی هەڵسوکەوتەکانی تەندروستی گشتی و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکاندا کار دەکەن. دەستەی پزیشکی نێودەوڵەتی بووە هاوبەشی بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی لەکانونی دووەمی ٢٠٠٨دا، کە ئەرکی جێبەجێکردنی کۆمەڵێک چالاکی پێ سپێردرا لەناوچەکانی زۆنگاوەکان و بابل دا. لەزۆنگاوەکاندا ڕێکخراوەکە بەهاوکاری لەگەڵ بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی، پرۆژەی نوێکردنەوەی گوندەکانی زۆنگاوەکانی جێبەجێ کرد لە٦ گوندی بەسرە و زیقارو میسان دا. پرۆژەکە شێوازێکی تەواو و گشتگرە بۆ ڕاهێنانی کارامەیی گوزەرانکردن و زیادکردنی داهات و نەهێشتنی نەخوێندەواری و دروستکردنی کەشکۆڵێکی ئەدەبی کە بیرۆکەکەی لەگەڵ دروستبوونی ئەنجومەنەکانی خەڵکی ناوچەکەدا دەستی پێکرد.

## ڕاهێنانی گوزەرانکردن و هێنانەدی داهات

ئەنجومەنی خەڵکی ناوچەکان و دەستەی پزیشکی نێودەوڵەتی کۆبونەوە بۆ دەستنیشانکردنی جۆری چالاکییەکانی ڕاهێنانی گوزەرانکردن لەهەر گوندێک بەپێی سەرچاوەکانی و داواکاری بازار تیایدا. ئەم دەستنیشانکردنە بۆ هەر گوندێک بەپێی بارودۆخی گوندەکە دەبێتە هۆی بەردەوامیبوونی پرۆژەکە لەهەر گوندێکدا. هەر گوندێک داوای درووستکردنی کارگەی خشت دروستکردنی کرد بۆ دابینکردنی خشتی پێویست بۆ دروستکردنی بازار. بەڵام ٥ پرۆژەکەی تری هەر گوندێک جیاواز بوو لەوانەی تر بەپێی پێویستی گوندەکە، وەک دوکانی خەیاتی و سەرتاشخانەو ساڵۆنی ژنان و وەرشەی چاککردنەوەی موەلیدە و دوکانی چاککردنەوەی سەتەلایت و مۆبایل و دوکانی فرۆشتنی عەلەف و جگە لەمانەش دوکانی فرۆشتنی شتی خۆماڵی وەک چنینی پەلی دارخورما و قامیشی شەکر. ئەنجومەنەکانی خەڵکی ناوچەکە ژمارەیەک ژن و پیاویان هەڵبژارد بۆ بەشداریکردن لەهەر چالاکییەکدا.

ئەو بازارانەی کە لەگوندەکاندا دروست دەکرێن دەبنە شوێنی گونجاوی چالاکییەکانی تر، بۆ نمونە بازارەکە سەرتاشخانەو ساڵۆنی ژنان و هەموو ئەو چالاکییانەی تریش لەخۆ دەگرێت کە باسمان کرد جگە لەمانەش شوێن دابین دەکرێت بۆ ئەوانەی کە کارە تەقلیدییە ناوخۆییەکان دەکەن بۆ فرۆشتنی کاڵاکانیان لەو بازارەدا. هەریەک لەو چالاکییانە چەند ڕۆژێکی ڕاهێنانی بۆ تەرخانکرا وە هەروەها دەستەی پزیشکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی UNDP هەموو پێداویستییە سەرەتاییەکانیان دابین کرد بۆ هەریەک لە پرۆژەکان بۆ دەستپێکردنی کار.

## نەهێشتنی نەخوێندەواری

پرۆژەی نوێکردنەوەی گوندی زۆنگاوەکان ئامانجی تواناپێدانی ژنانە لەڕێی خوێندنەوەو نووسین فێرکردنیان وەهەروەها فێرکردنیان بە کارامەیی سەرەتایی ماتماتیک و کارامەیی گوزەرانکردن. ئەم ڕاهێنانە ٥٠ ژنی گرتەوە لەسێ گونددا و ژمارەی ژنی بەشداربوو لەسێ گوندەکەی تردا زیاتر بوو لەو ژمارەیە پاش ئەوەی بڕیاری ئەوەدرا کە ژنی زیاتر بەشداری بکەن لە ڕاهێنانەکاندا بۆ پێنج ڕۆژ لەهەفتەیەکدا. جێی ئاماژەپێکردنە کە ئەو ژنانە هەموویان لە زۆنگاوەکان لەدایک بوون و لەوێش پەروەردە بوون هیچ هەلێکی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە. ژنەکان لەڕێی ئەنجومەنەکانی خەڵکی ناوچەکەوە هەڵبژێردراون کە زوربەیان بێوەژن و تەڵاقدراوبوون.

لە هەر گوندێکدا کتێبخانەیەکی گشتی دامەزرێنرا کە کتێب و ئەدەبیاتی وای تیادا دانرا کە گونجاوبوون لەگەڵ ڕۆشنبیری ناوچەکەدا. کتێبەکان هەموویان بەزمانی عەرەبی بوون وە ئاستی زمانەوانیشیان جیاواز بوو بۆ ئەوەی بۆ هەموو چینە خوێندەوارە جیاوازەکان بگونجێت. لەبەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا ژنان هان دەدرێن بۆ ئەوەی سوود ببینن لە کتێبخانەکان و ئاستی ڕۆشنبیری و زانین و توانای خوێندنەوەیان باشتر بکەن و یارمەتی پەروەردەیی کەسانی تریش بدەن. لە ئێستادا ئەنجومەنە ناوخۆییەکان کار دەکەن بۆ دانانی لێپرسراوی کتێبخانەکان بۆ ئەوەی سەرپەرشتی بکەن و کاروبارەکانی دانی کتێب بەخەڵکی ڕێکبخەن. کتێبخانەکان لەشوێنی گشتیدان بۆ ئەوەی خەڵکی بەئاسانی بتوانن هاتوچۆی بکەن بۆ نمونە کتێبخانەی گشتی گوندی سەریحات لەناو مزگەوتی گوندەکەدا دەبێت و سێ کتێبخانە گشتییەکانی گوندەکانی تریش لە ناو دیوەخانی هەندێک لە ڕابەرەکانی گوندەکاندا دەبێت.

## کەشکۆڵی ئەدەبی

کەلتوری زۆنگاوەکان کەلتورێکی ناوازەیە چ لەناو عێراق و چ لە جیهاندا بەگشتی لەبەر ئەوە ئەم کۆکراوە ئەدەبییە بەناونیشانی «کۆکردنەوەی قامیش، کۆکردنەوەی دەنگەکان» : چەند بەرهەمێکی ئەدەبی و وێنە و چیرۆکەکانی ئەم شەش گوندەی زۆنگاوەکانی عێراق کۆدەکاتەوە لە یەک کتێبدا.

٢٠ کامێرای فۆتۆگراف دابەشکرا بەسەر منداڵانی کچ و کوڕی ئەم گوندانەداو لەپاش ئەوەی خولی ڕاهێنانیان وەرگرت لەسەر پرەنسیپە سەرەتاییەکانی وێنەگرتن داوایان لێکرا وێنەی لایەنەکانی ژیان بگرن لەگوندەکانیان. پاش یەک مانگ تیمێکی دەستەی پزیشکی نێودەوڵەتی هەستان بەدابەشکردنەوەی کامێراکان بۆ ماوەی یەک مانگی تر بەسەر منداڵانی تردا. دەرئەنجامی ئەم کارەش کۆمەڵێک وێنەی زۆر جوان بوو کە وێنەیەکی زۆر جوانی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگەی داخراوی زۆنگاوەکانی دەخستەڕوو. چەند ریکۆردەرێک درایە ئەنجومەنی خەڵکی ناوچەکان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆو ریکۆردکردنی دەنگی تاکەکانی خەڵکی ناوچەکانیان. ئەم کەشکۆڵە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی چاپ دەکرێت.

بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی خۆشحاڵە بەوەی رایبگەیەنێت کە پلانەکانی گەشەپێدانی قەزاکان بۆ هەریەک لە مەیمونەو چبایش و حللەو سەیدسادق و شارەزوور لە قۆناغی تەواوبووندان و لەکۆتایی ساڵیشدا پلانەکانی گەشەپێدانی شەش قەزای تری نوێی زۆنگاوەکان تەواودەبن.

بەرنامەکە هەستا بەیارمەتیدانی حکومەتی ناوخۆ بۆ ئامادەکردنی پلانی گەشەپێدان بۆ شەش ناوچە کە ئامانجی بەرنامەکەن.

بەئامانجی بانگەشەبۆکردن و کارپێکردنی پلاندانانی گەشەپێدان بە رابەرایەتی UNDP، هەموو رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکارییان کرد لە کاری پلاندانانێکی پەرەسەندوودا بەمەبەستی بوژاندنەوەو گەشەپێدانی ئابوری کە ئەم پرۆسەیە فرەسێکتەری و هەستیاری بۆ رەگەزو هاوبەشییکردن و گشتگیری تیادا رەنگی دەدایەوە. شێوازی ئەم پرۆسەیە لە پێنج هەنگاودانەخشەکێشرابوو:

- هەنگاوی یەکەم: دەستنیشانکردنی پێویستییە سەرەکییەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە.
- هەنگاوی دووەم: پرۆفایلی قەزاکان و کۆکردنەوەی داتای سێکتەرەکان.
- هەنگاوی سێیەم: دایەلۆگکردن لەنێوان کۆمەڵگەو حکومەتدا دەربارەی پێویستییە سەرەکییەکان و ستراتیجە گونجاوەکان و پرۆژەکان.
- هەنگاوی چوارەم: دارشتنی پرۆژەو ستراتیجەکانی بوژاندنەوەی ئابوری و بەهەندوەرگرتنی بابەتە یەکتربرو تێکهەڵکێشەکان.
- هەنگاوی پێنجەم: پێشکەشکردنی پلانەکان بۆ خەڵکی.

ئەم شێوازە لەگەڵ هاوبەشە عێراقییەکاندا دانراوە و بەتایبەت دروستکراوە بۆ عێراق. تیمێکی فرە رێکخراوەیی LADP و عێراقی لە تەموزی ٢٠٠٧دا راهێنران و مەشقپێکرد لەسەر ئامادەکردنی پلاندانانی قەزا کە پاشان ئەم راهێنانەیان بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەنجامدا بۆ ئامادەکردنی پلانی قەزای شارەزوور لە پارێزگای سلێمانی لە ٤-٦ ی ئابی ٢٠٠٨دا. رێکخراوەکانی ILO/UNOPS رابەرایەتی ئەم پرۆسەیەیان کرد و ئامادەکارییان بۆ کرد لەگەڵ دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکاندا. لەدوای ئەمەش وۆرکشۆپێکی وانەوەرگیراوە بەسوودەکان لە ناوەراستی مانگی ئابدا ئەنجامدرا لە عەممان بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پلاندانانەکە و دیاریکردنی شێوازو کارو ئامرازە باش و گونجاوەکان بۆ بەرنامەکە لە ناوەراست و باشووردا.

پرۆفایلی قەزاکان بەهاوکاری هەریەک لە رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەکرا، هەر یەک بەپێی لێپرسراوێتی و بواری کاری خۆی و لەرێی هاوکاری سێکتەرە تەکنیکییەکانی ناوچەکانەوە.

ئامانجە خوازراوەکانی وۆرکشۆپەکانی گەشەپێدانی بواری کۆمەڵایەتی- ئابوری قەزاکان بریتین لە:

(i) وێنەیەکی روونی گەشەسەندنی قەزا.

(ii) ئامانج و پێویستییە هەرە گرنگەکانی گەشەپێدان بۆ هەریەک لە سێکتەرەکانی قەزاکە.

(iii) ستراتیژی سێکتەری وئەو پرۆژانەی کەلەلوتکەی ئەولەوێتەکانداندان بۆ قەزاکە کە بەهۆی ئەوەوە حکومەت، بەخشەرەکان، رێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵگە ئەتوانن ئەو سەرچاوانای کە لەبەردەستدایە بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر بەکاری بهێنن بۆ گەشەپێدان.

- بەرهەم هێنانی لیستێکی ئەولەوێتی پرۆژەکان بۆ هەر سێکتەرێک کە ئەتوانرێت لەساڵی یەکەم و بەدرێژایی پێنج ساڵی داهاتوو جێبەجێ بکرێت لە قەزاکەدا، کە هاوشان بێت لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی و پارێزگادا
- هەلی تەواو بدرێتە بەشە تەکنیکییەکان بۆ قسەکردن لەگەڵ کۆمەڵگە و گوێگرتن لێیان بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە ستراتیژەکانیان تەنها بۆ ئەوە دانەرێژراوە کە ئامانجەکانی گەشەپێدانی نەتەوەیی و پارێزگا بێنێتەدی بەڵکو هەروەها پێویستییەکان و ئەولەوێتەکانی خەڵکی بگرێتە ئەستۆ.
- بوار بدرێتە نوێنەرانی خەڵک و لایەنی پەیوەندیداری تر بۆ ئەوەی ئەوە دەستنیشان بکەن کە تا چ رادەیەک ستراتیژی بەشە تەکنیکییەکان گونجاو ئەبێت لەگەڵ پێویستییەکانی گەشەپێدانی قەزاکەو.وەهەروەها بواری پێشنیارکردنی چاکسازییان پێبدرێت.

وەک هەوڵێک بۆ مسۆگەرکردنی کوالیتی، چەند وۆرکشۆپێک ئەنجامدرا بۆ دڵنیابوون لە بەهەندوەرگرتنی بابەت و ئامرازە یەکتربرو هاوبەشەکان بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و باشترکردنی کوالیتی پلانەکان بەتایبەتیش لەبواری بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری خەڵک و هەروەها دابینکردنی ئامراز بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی رەشنووسی پلانەکانی قەزا و ستراتیژەکان و پرۆژە ئەولەوێتدارەکان وەهەروەها دەبنە هۆی دڵنیابوون لە بەشداریکردنی وەبەرهێنانی خەڵکی لە دروستکردنی کاری شیاوو فراوانکردنی هەلی کار، جگە لەوەش دەبنە هۆی هەڵسەنگاندنی ئاسەوارە پێشبینیکراوەکانی ستراتیژەکان و پرۆژە ئەولەوێتدارەکان لەسەر (i) رەچاوکردنی کێشەکانی هاوسەنگی رەگەزی و ژنان. (ii) گروپە زەرەمەندەکان. (iii) پاراستنی ژینگەیی و بەرێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان. (iv) ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزارەیی.

پلانەکان تیشکدەخەنە سەر گەشەپێدانی ئابوری، ئەکتیڤکردنی سێکتەری تایبەت، بوژاندنەوەی بارودۆخ و ژینگەی وەبەرهێنان و پشتگیریکردنی ژێرخانی ئابوری. تەئکیدکردنەوە لەسەر ئەم لایەنانە وەک دەرئەنجامێک بوو بۆ زەرورەتی باشترکردنی جۆری گوزەران و هەلی کاری کۆمەڵگە ناوخۆییەکان لەرێی هێنانەدی هەلی ئابوری بۆ خولقاندنی هەلی کارو بەرەنگاربونەوەی هەژاری. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، پێویستە پشت ببەسترێت بە سەرچاوە ناوخۆییەکان و راکێشانی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت. لە کۆتاییدا، شایانی ئاماژە بۆکردنی کە بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی بودجە دابین ناکات بۆ ئەم پلانانە و پرۆژەکانی بەڵکو لەلایەن حکومەتی عێراق و بەخشەرەکانەوە وەک پارەی متمانەی عێراق و بەخشەرە راستەوخۆکان و سندوقەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و لایەنی ترەوە بودجەی بۆ دابین دەکرێت.

> **پێخۆشحاڵین کە ئەوە رابگەیەنین کە ماڵپەرێکی نوێ (www.ladpiraq.org) و بانکێکی وێنەیی بەرنامەکە کەوتە کار. بانکی وێنەکە ئەرشیفێکی وێنەیی چالاکی و کاری بەرنامەکە لەخۆ دەگرێت و دەتوانرێت لەلایەن رێکخراوە بەشداروەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەکار بهێنرێت. وێنەکان دەتوانرێت سەیر بکرێن لەرێی ماڵپەری www.ladptawasul.org.**